**بەیاننامەی ڕاگەیاندنی**

# هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان!**
**ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی سەرانسەری وڵات!**

بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە بە شێوەی ڕێکخراو و بەردەوام دژی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ناوەندگەرا لەپێناو مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیدا خەبات دەکات. کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ۱۳۵۷ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییش هەر سەنگەر و ناوەندی سەرەکیی خەبات و خۆڕاگری دژی ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە بووە. کوردستان لەو ماوەیەدا تێچوویەکی زۆری بۆ خەبات و خۆڕاگریی خۆی داوە. شەڕی بەسەردا سەپاوە، دەیان ڕێبەریی سیاسیی ئێعدام و تیرۆر کراون، هەزاران ڕۆڵەی خەباتکار و چالاکیی سیاسیی شەهید بوون و لە زیندانەکاندا گیانیان لێ ئەستێندراوە، کوردستانیش وەك جوغرافیایەکی داگیرکراو میلیتاریزە کراوە و بە سیاسەتی سەرکوت و تالانوبڕۆ لەلایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە ئیدارە کراوە.

ئێمە ئەم حیزبە سیاسییانەی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"مان واژۆ کردووە، بە پشتبەستن بە مێژووی خەبات و تێکۆشانمان و بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی وەڵامدانەوە و خۆدیتنەوە لە دۆخی سیاسیی ئیستای ئێراندا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی بۆ نەماوەتەوە، بەڵام مخابن بەهۆی پەرتەوازەیی هێزە سیاسییە دژبەرەکانی ڕاوەستاو بووە؛ لە کوردستان وزە و ڕیزەکانی

خەباتگێڕیی خۆمان یەك خستووە و هاوپەیمانییەكی سیاسیمان ڕاگەیاندووە. مەبەستی سەرەكیی ئەم هاوپەیمانییە كە پاش قۆناغی گۆڕینەوەی بیروڕا و كاری مەیدانی لە "ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوكاری"دا پێكهاتووە، یەكڕیزی و هاوخەباتیی پتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی سیاسیی كورد لە ئێران و پیدانی قورسایی و دەوری زیاتری كوردستان و بزووتنەوە سیاسییەكەی لە خەبات دژی كۆماری ئیسلامی، دەستەبەركردنی ماف و ئازادییەكانی خەڵكی كوردستان و چۆنیەتیی دارشتنەوەی ئێرانی داهاتوویە.

ئامانجە سەرەكی و هاوبەشەكانمان لەو هاوپەیمانییەدا خەبات بۆ ڕووخاندنی كۆماری ئیسلامیی ئێران، بەدیهێنانی مافی دیاریكردنی چارەنووسی كورد و بنیاتنانی دامەزراوەیەكی نیشتمانی و دێموكراتیك لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانە. ئێمە بە پشتیوانی لە خەبات و ناڕەزایەتیی سەرانسەریی نەتەوەكانی ئێران دژی كۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەدا پێ لەسەر پێویستیی هەماهەنگی و هاوخەباتی سیاسیی و مەیدانیی نێوان حیزبە سیاسییەكان و ڕێكخراوە مەدەنییەكانی كوردستانی ئێران لەگەڵ حیزب و ڕێكخراوە سیاسی و مەدەنییەكانی بەشەكانی دیكەی ئێران دادەگرین. ئێمە وێڕای داكۆكی لە شكڵگرتنی قۆناغێكی گواستنەوەی دێموكراتیك و گشتگیر، بنەمای هەر هاوكاری و هاوپەیمانییەكمان لەگەڵ لایەنەكانی دیكە بە ڕەسمییەت ناسینی مافی نەتەوەیی نەتەوەكان، قبووڵكردنی دێموكراسی و ڕەتكردنەوەی هەر جۆرە دیكتاتۆرییەك دەبێت.

ئێمە لەو هاوپەیمانییەدا باوەڕمان بە پاراستنی ژینگە و دادپەروەریی كۆمەڵایەتیی، مافی یەكسانی ژنان و پیاوان، چەسپاندنی هەڵبژاردنی ئازاد، دابینبوون و دەستەبەركردنی مافە بنەڕەتییەكانی هەموو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینییەكانی كوردستان و بە دامەزراوەكردنی سیستمی بەڕێوەبەری و دێموكراتیك لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەیە. هاوكات لەگەڵ ئەوە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی نیزامێكی سیاسیی دێموكراتیك و سێكۆلار لە ئێران كە مافی پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جۆراوجۆرەكانی ئەو وڵاتە دەستەبەر بكات؛ بە ئەركی خۆمان دەزانین.

ئێمە باوەڕمان وایە لە ئێستادا پتر لە هەرکاتێك یەکیەتیی سیاسی و هاوگوتاری لایەنە سیاسییەکان و تێکۆشانی هاوبەشی مەیدانییان مەرجی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسییە بەردەوام بگۆڕەکانی ئێرانە. بۆیە ئامادەی هاوکاری کردنین لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی هاوپەیمانییەکەمان و هەموو خەڵکی کوردستانیش بۆ خۆدیتنەوە لە هاوپەیمانییەدا بانگهێشت دەکەین.

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**

***

**ئەندامانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە:**

- پارتی ئازادیی کوردستان

- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان